www.kurdistannet.org
14-4-2003 0:47

# بەرژەوەندی (نەوتی) و بەرژەوەندی (نەتەوەیی)

مەهاباد قەرەداغی



سەرەکیترین فاکتەری کەرتکردنی کوردستان و پەرتکردنی نەتەوەی کورد، سامانی نەوتی کوردستان بوو. نەوتی کوردستان هەر لە دوای دۆزینەوەیەوە تا ئەمڕۆ، جولێنەرەوەی حەزی دەوڵەتانی دنیا و دەوروبەری بووە. نەوتی کوردستان، بوژێنەرەوەی ئابووری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بووە و، هۆیەکی نەشاردراوەش بووە بۆ چەوساندنەوەی کورد و ئەو شەڕانەشی کە بە مەبەستی سڕینەوەی نەژاد و ناسنامەیەوە لە دژی کراوە.

- بەرژەوەندی (نەوتی) وا دەکات (نەتەوەی) عەرەب لە پارچەکردنی خاکی عێراق بترسێ، چوونکە عێراق لە ڕووی (نەتەوەیی) یەوە سەر بە عەرەبە، خاکەکەشی خاکێکی عەرەبییە و، گرنگی ئەو خاکەش بۆ ئەوان لەو (زێڕی ڕەش) ەوەیە کە لە خاکی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێ و نەوتی کەرکووک چوارسەد ساڵی تریش هەر وا بەو خێراییە و لێشاوەوە لە هەڵقوڵین بەردەوام دەبێ.
- هەر بەرژەوەندی (نەوتی) یە وای کرد، دەوڵەتی عوسمانی ئەوسا، هێڵێکی وەهمی بە دەوری کەرکووک و موسڵدا بکێشێ و بە خەیاڵ بیکات بە هی خۆی و، لە بەرژەوەندی (نەتەوەیی) تورکدا ماوەیەکی زۆر (نەوت) و (ئیسلام) بەکار بهێنێت و، ئێستاش بۆ هەمان مەبەست دەیەوێ دەوڵەتی تورکی لە قەرزدا نوقمبوو، بە پارەی نەوتی کەرکووک !!، کە تا ماوە بە هی خۆی دەزانێت، قوتار بکات.
- بەرژەوەندی (نەوتی) یە، موگناتیس ئاسا لەسەرەتای سەدەی ڕابردووەوە لەو پەڕی دنیاوە فریاڕەس و خزمەتگوزار بۆ ڕزگارکردنی گەلی کوەیت و گەلانی عێراق دادەبارێنێ.
- بەرژەوەندی (نەوتی) و بە تایبەتیش نەوتی شارەکەی کەرکووکی کوردستان، کە نزیکەی سەد ساڵە هەڵدەقوڵێ و چوارسەد ساڵی تریش بێماندووبوون لە هەڵقوڵیندا دەبێت، پێویستە و دەبێت و کاتی خۆیەتی بۆ بەرژەوەندی (نەتەوەیی) کورد بە کار ببرێت.

هیچ لارییەک لەوەدا نییە کە ئەم شارە، کەرکووک، شاری خوشک و برایەتی و ئاشتی نێوان گەلانی جیاوازی نیشتەجێی ناو ئەم شارە فرەکلتوورە بێت، هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە کەرکووک لەناو جوگرافیای کوردستاندایە و زۆرینەی دانیشتوانەکەشی کوردە. ئەوەی هەتا ئێستا لەگەڵ ئەم شارەدا کراوە بە هەموو پێوەرێکی سیاسی دەچێتە خانەی شێواندنی دیموگرافی و ئەوەی لەگەڵ کوردی ئەم شارەدا کراوە دەچێتە خانەی قڕکردنی نەژادی و شێواندنی ناسنامەیەوە.

شاری کەرکووک، ئەگەر ئێستا، واتە لە ١٠ی نیسانی ٢٠٠٣، بە هاوکاری هێزی هاوپەیمانان و هێزی پێشمەرگە و هێزی جەماوەر ڕزگاری بووبێ، لە ڕۆژی نەورۆزی ١٩٩١ دا تەنها بە هێزی بازووی پێشمەرگە و جەماوەری کورد

www.kurdistannet.org

له بەعس ئازاد کرا. کورد بۆ خۆیشی مەحاڵە بتوانێ دەستبەرداری ئەم شارە بێت. کوردە کەرکووکییەکان لە ڕووی سۆزدارییەوە کەرکووکیان خۆش دەوێ، کوردی شارەکانی تریش بە هۆی ئەوەوە کە بە سیمبولی چەوساندنەوەی گەلی کوردی دەزانن، خۆشیان دەوێ. بەڵام ڕوانین بۆ ئەم شارە (نەوتی) یە، کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دنیاشدا هەر بەم نازناوەوە ناوی دەبەن، دەبێ بە ڕووانینێکی نوێ بێت، ڕووانینێکی ئابوورییانە بێت، کە ڕوانینی سەردەمە. ڕووانین بێت لە ڕووی بەرژەوەندی (نەتەوەیی) ەوە. کەرکووک پێویستە بۆ کوردی لەتەکانی تری کوردستانیش جێی بایەخ بێت، وەک چۆن شارە (نەوتی) یەکانی تری لەتەکانی تری کوردستانیش دەبێت بۆ باشووری کوردستان جێی بایەخ بێت. وەک چۆن بەرژەوەندی (نەوتی) بوو کە بە هۆیەوە کوردستان کەرت و (نەتەوەی) کورد پەرت کرا، هەر ئەم کانزا حەز بزوێنەیە دەتوانێ، کوردستانی لەتکراو بدورێتەوە بە یەکتر و نەتەوەی کوردی پەتکراو ئازاد بکات.




٢٠٠٣-٤-١٣